وەزیری دەرەوە بەسەردانێک گەیشتە ئیاز



"فوئاد حسێن " جەگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە،بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی فراوانی وەزیرانی دەرەوە لەبارەی پرسی سوریا گەیشتە ریازی پایتەختی سعودیا.

بەپێی راگەیاندنێکی وەزارەتی دەرەوە : ئەوارەی دوێنێ شەممە "فوئاد حسێن" جەگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە،گەیشتە ریازی پایتەختی سعودیە،بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی فراوانی وەزاری سەبارەت بە سوریا، کە شانشینی عەرەبی سعودیە میواندارای دەکات.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە : لە کاتی گەیشتنی وەزیری دەرەوە بە فڕۆکەخانەی "شا خالیدی نێودەوڵەتی" لەلایەن "وەلید خریجی " جەگری وەزیری دەرەوەی سعودیە،و "سەفیە تاب سوهەیل " باڵیۆزی کۆماری عەراق لە شانشینی عەرەبی سعودیە،پێشوازی لێکرا.